# گەر کورد جورئەتی هەبووایە عەلی کیمیاوی و بەعسی تاوانبار نەدەکرد

مەریوان هەڵەبجەیی :

***ئەنفال کردەیەکی تا بڵێی کۆنە. لە زیندانەکەی حەججاجدا، وەک زیندانەکەی نوگرە سەلمان، بەسەدان هاوڵاتی ڕەشوڕووتی هەژار لە برسا مردن. لە کارەساتەکەی حەڕڕەی ناو شاری مەدینەدا، وەک کچ و دایکی ئێمەی کوردستان، ئیهانەی دایکانیان کرد، پەردەی کچێنی زیاتر لە هەزار ئافرەتیان دڕی. خێڵ و عەشیرەتەکانی بەنی قورەیزەو بەنی نەزیرو قەیونقاع، وەک خێڵ و عەشیرەتەکانی جاف و گۆران لە گەرمیان ئەنفال کران و خرانە ژێر لمی بیابانەوە، سەروەت و سامانیان بردن، لەناو موجاهیدەکاندا خوشک و دایکەکانیان دابەش کرد.***

## ناوەڕۆک

سەدان ساڵە ئەنفال دەکرێین، کلتوورمان، مێژوومان، فەرهەنگمان، تێزو ئایینمان، مەعریفەو زانست و شارستانییەتمان بەدرێژایی ئەم سەدان ساڵە بەبەردەوامی ئەنفال دەکرێ و دەسوتێنرێ. بێئاگا لە هۆو هۆکار، بێئاگا لە مێژووی کۆن و نوێ، بێئاگا لە دین و ڕەگەزپەرستایەتی، بێئاگا لە ئێستاو داهاتومان، دێین و چەند کەسێک تۆمەتبار دەکەین و لەناو دادگادا یەخەیان ڕادەتەکێنین و پەتی سێدارەیان بۆ هەڵدەواسین. دواتر لە دواکەوتنی کوشتنیدا کەمپین بەڕێوەدەبەین، هیواداریین وەک برا گەورەکەی (سەددام) ملی لە لاشەی بکرێتەوە.

کەی عەلی کیمیاوی تاوانباری سەرەکییە.؟؟ بۆ لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆ نین.؟؟ یاخود ئێمە هەر واین و شانازیمان بە بە کوشتنی ناحەزان و جەبەروتی خۆمانەوە کردووە. تۆڵەسەندنەوە بەشێکی گرنگی ژیانی ئێمەی ئایینپەروەر بووە. ئەوەتا ئەفسانەکەی نەورۆزمان کردە ڕووداوێکی ڕاستەقینەو زوحاکێکی خوێنخۆرمان بۆ خۆمان دروستکردو دواتر سەرمانبڕی، بەوەشەوە نەوەستاین، پان و بەرین، بەرزو بەهەیبەت، پەیکەری ئینسانەسەربڕەکەمان دروستکردو کەللەسەری زوحاکمان دایە دەستی‌و لە یەکێک لە گۆڕەپانە گەورەکانی سلێمانیدا هەڵمانواسی و ناومان لێنا کاوەی ئاسنگەر. هەر میوانێکی بێگانەمان بهاتایە، بێئاگا لەوەی باسی مێژوویەکی دێرینی پڕ لە تۆڵەی خوێناوی کوردو تاکی کوردی قاتل باس دەکەین، بە فەخرەوە باسی کرێکارێکی داماوی کوردی ناو مێژوومان بۆ دەکرد کە چۆن زوحاکی سەربڕیوە.

لای من جیاوازی لەنێوان ئەو دوو کەسەدا نییە کە یەکێکیان پۆلیسێکی بەر دەرگای یاساکانی دەوڵەتەو لە ژێر ئەشکەنجەکانیدا کەسێک دەمرێت، ئەوی دیکە پلەدارێکی بەرزی دەوڵەتەو بە فەرمانێکی بچووک سەدان و هەزاران دەمرن. ئەوەی ئەم دووانە جیادەکاتەوە ئەو دەسەڵاتەیە کە لەو زمکانەدا هەیانە، هەموو ئینسانکوژو حاقدو تامەزرۆی تۆڵەسەندنەوەن، ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە پلەیەو ئەوەی پێکەوە دەیانبەستێتەوە ئەو ئەقڵەیە کە پێی گۆش کراون، کە ئەویش دینە، یاساو ڕێسایەکە هەر لە منداڵییانەوە پێی پەروەردە کراوە.

خۆمان بێ جورئەتین لە درکاندنی ڕاستییەکان و لەجیاتی دادگاییکردنی تاوانباری سەرەکی، کۆمەڵێک موجاهیدی خوامان هێناوەو داخی دڵی خۆمانیان پێ دەڕێژین. نە سەددام تاوانباری سەرەکییەو نە عەلی کیمیاوی، ئەو دووانەو ئەوانی دیکەش بەشێکن لەو وەسیلەو هۆکارانەی کە خوای ئیسلام بۆ جێبەجێکردنی یاساو ڕێساکانی خۆی دروستی کردوون. ئەوان، لە ئایینی ئیسلامدا **لَا جُنَاحَ عَلَيْهِمْ** هیچ گوناهێکیان ناگاتێ، بەشێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک، یاساییانەو بێ کەم و زیاد شەریعەتەکانی خودای ئیسلامیان جێبەجێ کردووە. **وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ**. ئەوەی کار بەو فەرمان و یاساییانە نەکات کەخوا بۆی دابەزاندوون، ئەوانە کافرن. ئەوان نەبوون کیمیاییان ڕشت و ئەنفالیان کرد، بەڵکو ئەوە دیین بوو، سورەت و ئایەتەکان بوون، فەرمایشتەکانی خواو پەیامبەریان بوو، لە باخەڵی خۆیانەوە وشەی ئەنفالیان نەهێنابوو، هەر لەخۆوە فێری سەربڕین و زیندەبەچاڵکردن و هەڵلوشینی سەروسامانی خەڵکی نەبوون. ئەوە ئەزموونەکانی ڕابەری گەورەو موقەددەسی ئیسلام و سەعدو قەعقاع و حەججاج و خەلیفەکان بوون، ئەی لە زیندانەکەی موجاهیدی گەورەی ناوداری جیهانی ئیسلامی، حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفیدا، وەک زیندانەکەی نوگرە سەلمان، بەسەدان هاوڵاتی ڕەش و ڕووتی هەژار لە برسا نەمردن.؟؟ بە فەرمانی خەلیفەو لەژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئاندا بەڕێوەنەبرا.؟؟ ئەی لە کارەساتەکەی حەڕڕەی ناو شاری مەدینەدا، وەک کچ و دایکی ئێمەی کوردستان، ئیهانەی دایکانیان نەکرد،؟ پەردەی کچێنی زیاتر لە هەزار ئافرەتیان نەدڕی.؟؟ ئەی ئەوەش بە فەرمانی خەلیفەو لەژێر سێبەری ئایەتەکانی قورئاندا بەڕێوەنەبرا.؟؟ خەلیفە سەففاح، بەکەللەسەری هاوڵاتیان، کۆشکی دروست نەکرد.؟؟ ئەی خێڵ و عەشیرەتەکانی بەنی قورەیزەو بەنی نەزیرو قەیونقاع، وەک خێڵ و عەشیرەتەکانی جاف و گۆران لە گەرمیان ئەنفال نەکران.؟؟ نەخرانە ژێر لمی بیابانەوە.؟؟ سەروەت و سامانیان نەبردن.؟؟ لەناو موجاهیدەکاندا دایک و خوشکەکانیان دابەش نەکرد.؟؟ ئایا ئەوانەش عەلی کیمیاوی و سەددام و ئەعوانەکانی کردیان.؟؟

گەر وایە بۆ جورئەت نامانگرێ و بە ئاشکرا پەنجە ناخەینە سەر برین و تاوانباری سەرەکی.؟؟

خوای ئیسلام لە سورەتی حەدید 22 وتویەتی :

**مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي أَنْفُسِكُمْ إِلَّا فِي كِتَابٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ نَبْرَأَهَا.**

واتە: هەر بەڵاو ڕوداوێك لەزەویدا ڕوودەدات و هەر بەڵاو ڕووداوێك بەسەر خۆتاندا دێت, بەر لەوەی ڕووبدەن پێشتر لەکتێبدا، (لەوحی مەحفوز) نوسیومانن.

کەواتە ئەنفالکردنی میللەتی کورد، خوا هەر لە ئەزەلەوە لە لەوحی مەحفوزدا نوسیویتی.

هەروەها لە ئایەتی 38ی الانعامدا دەڵێت:

**وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الْأَرْضِ وَلَا طَائِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيْهِ إِلَّا أُمَمٌ أَمْثَالُكُمْ مَا فَرَّطْنَا فِي الْكِتَابِ مِنْ شَيْءٍ.**

هیچ زیندەوەرێك نییە لە زەویدا ببزوێ و هیچ باڵندەیەك نییە بە باڵەكانی بفرێت, ئەوانیش بە وێنەی ئێوە ئومەتن, هیچ شتێكمان لە كتێبدا لەبیر نەكردووە، هەر هەموویمان نوسیوە.

كەواتە ئەنفالكردنی میللەتی كورد، خوا هەر لە ئەزەلەوە لە لەوحی مەحفوزدا نوسیویتی و ئەم كارەساتەی لەبیر نەكردووە.

هەروەها لەهەمان سورەت الانعام 59 خوای ئیسلام دەڵێت:

**وَعِنْدَهُ مَفَاتِحُ الْغَيْبِ لَا يَعْلَمُهَا إِلَّا هُوَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَمَا تَسْقُطُ مِنْ وَرَقَةٍ إِلَّا يَعْلَمُهَا وَلَا حَبَّةٍ فِي ظُلُمَاتِ الْأَرْضِ وَلَا رَطْبٍ وَلَا يَابِسٍ إِلَّا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ.**

واتە: ئەو (خوا) كلیلی هەموو نهێنییەكان و زانینی هەموو شاراوەكانی لایەو ئەو نەبێت كەسی دیكە نایزانێت, دەزانێ چی لە وشكانی و هەرچی لە دەریادا هەیە بە وردو درشتییەوە, گەڵایەك ناكەوێ ئەگەر خوا پێی نەزانێت, هیچ دەنكە و تۆوێك لە تاریكایی زەوی و هیچ تەڕی و وشكاییەك نییە مەگەر لە كتێبی ئاشكرادا تۆمارمان كردبێت.

كەواتە بۆ ئەنفالكردنی میللەتی كورد، خوا هەر لە ئەزەلەوە زانیوێتی و لە لەوحی مەحفوزدا تۆماری كردووە.

لە سورەتی التغابن 11 دا نوسراوە:

**مَا أَصَابَ مِنْ مُصِيبَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ.**

هیچ بەلاَو ڕوداوێك روونادات مەگەر بە مۆڵەتی خوا نەبێت.

لەسورەتی التوبە 51 دا نوسراوە:

**لَنْ يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا.**

هیچ بەڵاو ڕووداوێك دووچارمان نابێت مەگەر خوا پێشتر لەسەری نوسیبین.

لە سورەتی فاطر 11دا نوسراوە:

**وَمَا يُعَمَّرُ مِنْ مُعَمَّرٍ وَلَا يُنْقَصُ مِنْ عُمُرِهِ إِلَّا فِي كِتَابٍ.**

كەس تەمەنی درێژ نابێ و كەس تەمەنی كورت نابێ, مەگەر ئەوەی لە كتێبدا هەیە.

وەك بڵێی قورئان وەڵامی ئەو موسڵمانانە دەداتەوە كە ڕەخنە لەم نوسینەمان دەگرن و دەڵێن شتی وا نییە و ئەمە ڕاست نییە و هەرگیز خوا حەز بە كارەساتێكی وا جەرگبڕ ناكات، تەفسیری ئەم ئایەتانەش هەمووی ناڕاستن، بۆ وەڵامی ئەوانە دەربارەی ناوچە ئەنفالكراوەكانی وەك گەرمیان و ناوچە كیمیابارانكراوەكانی وەك هەڵەبجە, خوای ئیسلام لە سورەتی الاسراء 58دا دەڵێت:

**وَإِنْ مِنْ قَرْيَةٍ إِلَّا نَحْنُ مُهْلِكُوهَا قَبْلَ يَوْمِ الْقِيَامَةِ أَوْ مُعَذِّبُوهَا عَذَابًا شَدِيدًا كَانَ ذَٰلِكَ فِي الْكِتَابِ مَسْطُورًا.**

پێش روودانی رۆژی قیامەت, ئێمە هیچ گوندو ناوچەیەكمان وێران نەكردووەو سزایەكی توندو سەختمان نەداوە مەگەر پێشتر لە كتێب و دۆسیەی تایبەتدا (لەوحی مەحفوز) تۆمارمان كردبێت .

به بەڵگەی ئەم ئایەتانە, بەئاگاداری خوای موسڵمانان, لە چەند چرکەیەکدا شارێك کەوتۆتە ژێر بەزەیی کیمیاباران و لەماوەیەکی کورتدا سەدان هەزار مرۆڤ ئەنفال کراون.

ئێستا کێ دەزانێت تاوانباری سەرەکی کێیە.؟؟